www.kurdistannet.org
21-7-2006 13:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# من و تۆ و شیعر و تەنیایی ... تەها ئەلی

وەڕەس دەبم ئەو ساتانەی
شیعر
لە ناوەختانێکدا
بەبێ ئەوەی لە دەرگا با
خۆی بە ماڵی دڵما دەکاو
بەبیانووی تەنیا پشوویەک
هەواری شەوێک هەڵدەدا
* * * * * * * *
شیعر دەزانێ
من هاودەمی تەنیاییم و
ئیرەیی بەو عیشقەم دەبا
بۆیە هەردەم بێ ئۆقرەیە
دەیەوێ
نێوانمان تێکدا
* * * * * * * *
من هەم دۆستی تەنیاییم و
یاری دێرینی شیعریشم
بەلام کاتێک کەتۆم ناسی
تەنیایی کۆڵی لە کۆڵ نا و
شیعریش ڕووخساری تۆی پۆشی
* * * * * * * *
وام دەزانی
شیعر تەنیا ئیرەیی
بە تەنیاییم دابا
کەچی ئێستا لەگەڵ سۆمای چاوتا نەبێت
سەر بە ماڵی دڵما
ناکا
* * * * * * * *
دوێنێ شەو بوو
کاتێ شیعر هاتە خەوم
کە لێم پرسی
بۆچی ئێستا وەکو جاران
نابیت بە میوانی شەوم؟
ووتی
ئستا منیش وەک تۆ
کوشتەی سۆمای چاوی ئەوم